# Epopee - داستان

## (بەشی دووەم)

داستـان کـە وەک ژانرێکی ئەدەبی زیاتر لە ئەفسـانە نزیکە، لە ڕووی مێژووی سەرهەڵدانەوە ڕەنگە کۆنترین ژانری ئەدەبی بێ، سـەرەتا وەک ئەدەبێکی مـیللی و فـۆلکلۆری دەرکەوتووە پاشـان لە ئەدەبی نووسـراو. لەم بەشـە هەوڵدەدەین زیاتر باسی داسـتـان بکەین لەناو مـێژووی ئەدەبی یۆنانی کـە بێگومـان وەک ڕەگـوڕیشـە پێوەندی بە کوردیشـەوە هەیە، هەڵبـەت ئەگەر ئەو خاڵە لەبەرچاوبگرین کـە کـوردیش وەک زمـان و ئەدەب و دابـونەریتی ئەخـلاقی و هـونەری و ئـەدەبی زۆر لـە میللەتانی هیند و ئۆروپی نزیکە.

لەسـەدەی سـێـیـەمی پێش زایین هۆمـیـرۆس- بە وەسفکردن و داڕشتنی جەنگی تڕوادە بنچینەی داستـان دادەڕێژێ، ئەمـەش تاڕادەیەک بەشـێـوەیەکی خۆبەخۆیی (عـفوي) سەرهەڵدەدا، چونکە یۆنانی سەردەمی هێلینی (واتە پێش سـەردەمی ڕۆمـانی) خـاوەن دابونـەریتـێک و ئەدەبێکی شەفاهی- میللی و فۆلکلۆری مەزن و دوور و درێژ بوو- هۆمـیـرۆس بە داڕشـتنی و نووسـینی جـەنگی تڕوادە وەک داسـتـانـێک، تەواوی کـەسـیـەتی و ڕوانـینی خۆی و شێوازی خۆی لە داڕشتنی داستان بەکاردەهێنێ، بۆیە ئەو بە یەکـەمین کـەسـێک دادەنرێ لەم بارەیەوە کـە شێوازێکی تایبەتی دابێتە داستان. هەڵبەت ئەمەش دژی ئەوە ناکـەوێتـەوە، کـە داسـتـان لەناو هەر سـفـێـرێکی کولتووری و ئەدەبی دیاریکراو، وەک ڕۆژئاوا، ئەفریقیا، هیند و ئێـران و چین و ژاپۆن، خـاسـیـەتی خـۆی هەبێ و مۆرکی تایبەتی ئەو کولتوور و ئەدەبەی پێوەبێ.

هەر لەو سـەردەمـە، واتە لەسـەردەمی هۆمـیـرۆس، کـە ئەلفـوبێی فـینـیـقی سـەرهەڵدەدا کـە ئەمـەش کـاریگـەری لەسەر ئەم جۆرە نووسینەی هۆمیرۆس هەبوو، یان گریمانی ئەوە دەکـرێ کـاریگـەری هەبووبێ، بەو مـانـایەی لە ڕووی جوگرافییەوە لە یۆنان نزیک بووە، دواتر دەردەکەوێ هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە لەسەر ئەدەبی شەفاهی یان زارەکی یۆنانی. دواتر لەسـەردەمی یۆنانی کـلاسـیکی، واتە دوای هۆمـیـرۆس، کە (قـەسیدەی هۆمـیرۆس) وەک شێوازێکی تایبەتی شیعر، لە شارەکان بڵاودەبێتەوە، لە لایەن دەنگبێژەکان و شاعیرە میللیەکان پراتیک دەکرێ. بە گشتی ئەو زانین و زانیارییانەی داستان پێشکەشمان دەکـا هەڵبـەت لە ڕێگای سـیسـتـەمـێکی پەروەردەیی تایبەتی، بەو مانایەی داستان (گوێگرتن و خوێندنەوە و نووسـینی) تێـدایە، تەواوی دابونەریتـە ئەدەبیـیـەکـان پێکدەهێنێ. هەڵبـەت هەمـان شت ڕاسـتـە بۆ ئەدەبی کـوردی و دابونەریتی داسـتـان لەناو ئەدەبی مـیللی و فۆلکلۆری. کێشە سەرەکییەکانی داستان بە پلەی یەکەم پیشـاندانی گـیـانی پاڵەوان ئامـێـزە لەناو کـۆمـەڵ، پیـشـاندانی چارەنووسی ئاڵۆزی مـرۆڤـە، هەروەها پیـشـاندانی ئەو هەمـوو کـارەساتانەیە کـە مـرۆڤ لە ئەنجامی جەنگ دووچاری دەبێ. هەموو کەسێک قوربانی چارەنووسی تایبەتی خۆیەتی، ئیتر ئەو کەسە سەر بە کـۆمەڵێکی براوە بێ لە جەنگ یان دۆڕاوبێ، سەرەنجام هەر هەموویان ڕووبەڕووی هەمان ئازاری مرۆیی دەبنەوە، هەمـوو ئەمـانە وەک پەیام و شـێـوازێکی تایبـەتییـە کە لەلای هۆمیرۆس هەستی پێدەکرێ.

هەندێ جـار داسـتـان، هەروەکـو چۆن لەسـەردەمی هۆمیرۆسەوە تێکەڵ بە ڕووداوی جەنگ بووە، یان جەنگ وەک ئەنجامێک لەپاڵ پراتیکی داستان بووە، بەتایبەتی بە دوو شـێوە گوتراوە، لەشـێوەی لاواندنەوە، لەشـێوەی پاڵەوان و قارەمانی، لەناو ئەدەبیاتی کوردیش ئێمە ئەم دوو شـێوازەمان هەیە، وەک داستـانی قـەڵای دمدم، کە بنچـینەکەی ڕووداوێکی کارەسات ئامـێزی مـێژووییـە (١٦٠٨ز) لە نائاگایی گەلەکی (لاشعور جمعي- Sub conscience) کورد بە زۆر شێوە گوتراوە. جارێک بۆ پیشـاندانی ئازایەتی، جارێکی دیکە بۆ هێمنکردنەوەی گیانی بریندابوو و قوربانی،...تاد.

د. موحسین ئەحمەد عومەر